

# مافیای ڕۆشنبیری

## هەلهەلەی گەندەڵی.. غەبغەبەی جەهل

**ئاسۆ جەبار**

ئـێوەی گەنـدەڵو مافـیای ڕۆشـنبیریی زەلـیلن لەبـەردەم نوسـینو ڕەخنەکانـی ئـێمەدا، دەستەوئەژنۆ شەلاڵن لەرقو بوغز بەرامبەر نوسەرو ڕۆژنامەنوسە سەربەخۆکان، ئەم بڕیارەتان بڕیاری ئیفلاسیو بەتاڵیتانە، بڕیاری بێ مەعریفەتیو لێوڕێژیتانە لەگەندەڵیو ناعەدالەتی، بڕیاری دۆڕانو زەبونیتانە بەرامبەر ڕەخنەکانی ئێمە.

بڕیاری فەسڵکردنی ئاسۆ جەبار، تەنها بڕیارێکی نایاساییو ناشارستانی نییە بەرامبەر تاکە یەك نوسەر، بەڵکە شەڕێکی گەورەیە لەگەڵ جەنگاوەرەکانی ئازادییدا، قوڕتان بۆ خۆتان گرتەوەو خۆتانو وەزارەتە گەندەڵەکەتان خستە بەردەم لێشاوێك ڕەخنەی جیدی دنیایەك نوسەرو ڕەخنەگری جیدیو ڕۆژنامەنوسی ئازادو لێشاوێك هاوپشتی ڕێکخراوە جیهانییەکان.

ئێوەی بە جەرگو ئازا ئێوەی بە غیرەت لەگەندەڵیو دەرکردنی بڕیاری فەسڵکردنی نوسەرێك تەنها لەسەر ئەوەی لە ڕادیۆی نەوا بەیانییەك بەرماڵی گەندەڵی لەژێر پێتانا ڕاکێشا، ئافەرین بۆ ئێوەی وەزیر بۆ خۆتانو مەعریفەتان، ئافەرین ئەی وەزارەتی گەندەڵیە بێشومارەکان، ئەو ڕاپۆرتەی لەسەر گەندەڵیو پارە بەفیڕۆدانی ئێوە بڵاوبۆوە لەهەر وڵاتێکی تردا بوایە هەموتان سجن ئەکران، خەڵك بە گوێچکە دەیانبردن بۆ بەردەم دادگا، بەڵام داخەکەم نە سەرۆکی حکومەتەکەم ئەمەندە جەریئو ئازایە، نە دادوەری گشتی ئەمەندە بە جەرگە ئەو دوکانە گەندەڵە بەسەرتاندا دابخات.

وەزارەتی ڕۆشنبیری یەکێکە لەو وەزارەتە گەندەڵو فاشیلو بێ مەعریفەتانەی کە بێجگە لەکارخانەیەکی دەوڵەمەند بۆ بەرهەمهێنانی جەهلو نەخوێنەواری هیچی دیکە نییە، ئەم وەزارەتە ڕستەیەکی درێژە لەگەندەڵی، وشەیەکی بچوکە لەزیهنی خەڵکدا، بەڵام کتێبێکی گەورەیە بۆ تۆمارکردنی کلیپو دروستکردنی پەیکەری جەهلو فیستیڤاڵ بۆ پیاوە مردووەکانی مێژووو سەرفکردنی ملیۆنەها دینار بۆ گۆرانیو هەلهەلەی گەندەڵیو پارەخواردنو گەشتوگوزار.

ئەو دەسەڵاتانەی کە زەلیلن لەبەردەم دوژمنەکانیاندا، جەنگاوەرێکی کوشندەن بۆ کاولکردنی نیشتیمانو دزیو جەردەیی تا تالآنکردنی دارایی کۆمەڵگە، گەندەڵی تا شۆڕبوونەوەی غەبغەبە.

ئەو بەرپرسانەی فڕیان بەدنیاوە نەماوەو دەیانەوێت تا قیامەت دەمخەنە دەمی فەردە دۆلارو دەست لەملانی کورسیو پۆستەکانیان بن. ئائەمەیە دەسەڵاتی کوشندەو ڕێگر لەبەردەم ئازادی بیروڕاو نوسین. بەڵام ئەمە ناکاتە ئەوەی

ئەوانەی پێیانوایە دەبێت بەرامبەر هەموو ناعەدالەتییەکی گەورەو گران بەرامبەر سیخناخبوونی گەندەڵی دەبێت بێدەنگییەکی گەورە هەبێت، ئەوانەی بەپێی یاساکانی بەعسو عەنتەریاتی حیزبی دەیانەوێت قفڵو زنجیر بدەن لەدەمی رەخنەگرو رۆشنبیرو رۆژنامە ئازادو سەربەخۆکان، ئەوانەی بەکردار دەستەیەکی مافیاگەریو پیاوکوژیان دروستکردووە بۆ ترساندنو لەسەرکار لابردنو تۆقاندنو خوێنرشتنی رەخنەگرانو رۆژنامەنوسە بوێرو سەربەخۆکان، پێکرا دەبن بە جەلادە راستەقینەکانی ئازادی رادەربڕینو بەربەستێکی گەورەن لەبەردەم پرۆژەو خەمی رۆشنبیرییدا.

ئەوڕۆکە دیاردەی دەمکوتکردنو ترساندنی رۆژنامەنوسانو هەڕەشەو گوڕەشەی بەرپرسو سەلەفیو عەنتەرەکانی حیزب لەم هەرێمەدا جیهانی بوتەوە، واتە چیتر ئەم دەڤەرە ئاوایی بێکەسە نییە هەر حیزبەو بە ئارەزووی دەزگاو بەرپرسو عەنتەرو مافیاکانی خۆیان دەمی رۆژنامەنوسانو رەخنەگرانو نوسەرانو ئەکتیڤیستەکانی مافی مرۆڤ بدورنەوە، چیتر ناتوانن بە ئارەزووی عەزەلاتی خۆیان هەڕەشە بکەن لەنوسینو تاسەرئێسقان دژایەتی رەخنەگرو نوسەرە سەربەخۆکان بکەنو شەق لەدەمی خۆپیشاندان بدەن.

هاوکات ئازادی رادەربڕینیش یەکێکە لەو چەمکانەی کە هەڵگری دنیایەك دژکاریی فەرهەنگیو رۆشنبیرییە، بەواتایەك جەلادەکانی ئازادی رادەربڕین تەنها ئەو جەلادانە نین کە شەق لەخۆپیشاندان دەدەنو دەمی میدیا سەربەخۆکان ئەدورنەوە. بەڵکە جەلادەکانی ئازاد رادەربڕین سەرلەبەری ئەو ناوەندو دەزگاو وەزارەتو دامەزراوە حیزبیو بەناو رۆشنبیریو فەرهەنگیانەش دەگرێتەوە کە لەڕێی داگیرکردنو کۆنترۆڵکردنی سەرچاوە رۆشنبیریو فەرهەنگییەکان دەبنە بکوژی روانینو دنیابینییە جیاوازەکانو لەڕێی کردنی خوڵ بەزێرو پێدانی خەڵاتو مەدالیای پاڵەوانێتی بە کەسایەتییە رۆشنحیزبو رۆشنتایەفەو رۆشنعەشایەرو رۆشنگەندەڵو رۆشنسەلەفیو بوونەتە بەربەستێکی گەورە لەبەردەم بەرهەمی جیدیو پرۆژەی مەعریفیو رۆشنبیری.

ئەوانەی سەددەرسەد گەیشتونەتە ئەو باوەڕە کوشندەیەی کە دەبێت ئازادی رادەربڕین بخەنە ژێر پێیانەوە، ئەوانە پێکرا دەبنە جەلادەکانی ئازادی رادەربڕین.